# ڕاپۆرتی کۆڵبەرنیوز لە هەژماری کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار لە ساڵی ۱٤۰۳ی هەتاویدا

کۆڵبەری، نەک بەدەر نییە، بەڵکو دەرکەوتێکی ئاشکرای دۆخی پێکهاتەیی و ڕێکخراوەیی ستەم و چەوسانەوە لە کوردستاندایە. ئەم دیاردەیە نائاسایی تێپەڕکراو نییە، بەڵکو یاسایەکە لە دڵی سیستەمی سەرمایەداریی پەراوێزیدا دامەزراوە، کە فۆڕمی جۆراوجۆری بێمافی و چەوسانەوە دەردەکەوێت. کۆڵبەری نوێنەرایەتی توندوتیژی و ئاشکرای ئەم لۆژیکە بێبەزەییە، کە تیایدا مرۆڤەکانی کورد نەک وەک کرێکاری هەرزان، بەڵکو وەک جەستەیەکی خەرجکراو و کۆن لە لۆژیکی قازانجی سەرمایەداریدا کاردەکەن.

ستەمی کۆڵبەران ناتوانرێت تەنیا لە چەوسانەوەی چینایەتیدا کورت بکرێتەوە؛ چونکە کۆڵبەری لە چوارچێوەی پێکهاتەی داگیرکاریدا و لە چوارچێوەی چەوساندنەوەی نەتەوەییدا بەرهەم دەهێنرێتەوە. کوردستانیش وەک ناوچە پەراوێزەکانی دیکە نەک هەر لە ڕووی ئابوورییەوە بە بێ گەشەکردن هێڵراوەتەوە، بەڵکو بەهۆی پێگەی نەتەوەیی و ناسنامەییەوە، هەمیشە ڕووبەڕووی سیاسەتی دوو هێندە سەرکوتکەر بووەتەوە. کوردستان، لە لۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا، نەک وەک بەشێکی یەکسان لە جوگرافیای سیاسی، بەڵکو وەک "پرسێکی ئەمنی" پێناسە دەکرێت. لە ئەنجامدا هەر چالاکیەکی ئابووری سەربەخۆ یان هەر هەوڵێک بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵک لەلایەن دەزگای ئەمنییەوە نەک وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو وەک هەڕەشە سەیر دەکرێت.

لەم هەلومەرجەدا کۆڵبەری کە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی قۆرخکاری ئابووری و پێکهاتەی داگیرکارییە لە کوردستاندا، نەک هەر لەلایەن حکومەتەوە دانپێدانەنرێت، بەڵکو کۆڵبەری وەک "توخمە نەخوازراوەکان"یش دەکرێنە ئامانج. ئەوان نەک هەر لە ڕووی ئابوورییەوە ناچەوسێنرێنەوە، بەڵکو لە ئاستێکی دیکەدا، وەک "مەترسییەکی ئەمنی" بەرەو ڕووی توندوتیژییە ڕێکخراوەکانی حکومەت دەبنەوە. تەقەکردن لە کۆڵبەران، دانانی مین لەسەر ڕێڕەوی کۆڵبەران، کاراپی سیاسەتی توندی ئەمنی لە سنوورەکان و گرتن و ئەشکەنجەدانی کۆڵبەران، هەموو ئەمانە نیشان دەدەن کە چۆن حکومەت لە هەمان کاتدا هێزی کاری کۆڵبەری کورد دەقۆزێتەوە، بە ڕێکخراویش سەرکوت دەکات. بەم مانایە، کوڵبەری تەنیا دەرئەنجامێکی ئابووری سەرمایەداری نییە، بەڵکو دەرکەوتنێکی ڕوونی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەییە لە کوردستاندا.

بە سادەیی، کۆڵبەران هێزێکی کارن کە ناچارن لە سنووری نێوان ژیان و مردندا لە پێناو نانێکی کەمدا ژیانی خۆیان بفرۆشن. ئەوان نەک لەبەر هەڵبژاردن، بەڵکو لەبەر ناچاری خەریکی کۆڵبەرین. ئەم ڕاستییە ئاماژەیە بۆ پێکهاتەیەک کە تێیدا گەلی کورد لە هەر مافێکی چارەنووس بێبەش دەکرێت، نەک تەنیا لە پەیوەندییە ئابوورییەکان، بەڵکو لە پەیوەندییە سیاسییەکانیشدا.

ئەم چەوساندنەوە ڕووتە ڕەگ و ڕیشەی لە پێکهاتەی چینایەتی و پەیوەندییە ئابوورییەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە، کە کوردستان و بەلوچستانی کردووە بە حەوشەی کراوە بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە. لەم سیستەمەدا کۆڵبەران بەرهەمی ئابوورییەکی وابەستە و کرێچییە کە کرێکاران لە هەر پشتیوانییەکی کۆمەڵایەتی بێبەش دەکات و تەنیا جەستەیان بۆ سووڕانەوەی سەرمایە بە نرخ دەزانێت. ئەوان کرێکارن کە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی داگیرکاری ناوخۆییدا نەک هەر لە کەمترین مافەکان بێبەش دەکرێن، بەڵکو هەموو ڕۆژێک بەرەوڕووی مردنێک دەبنەوە لە خودی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە سەرهەڵدەدات. لەم نێوەندەدا کۆماری ئیسلامی نەک هەر بەرپرسیارە لەم دۆخە، بەڵکو بە سیاسەتی ئابووری، ئەمنی و سەربازی خۆی بەشداری لە بەرهەمهێنانەوەی ئەو پەیوەندیانەدا دەکات. سەرکوتکردنی کۆڵبەرانی کوردستان بەشێکە لە سیاسەتی گەورەی حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی هێزی کار و بەرهەمهێنانەوەی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەیی. کوشتنی کۆڵبەران تەنیا کردەوەیەکی سەرکوتگەرانەی گۆشەگیر نییە، بەڵکو بنەمایەکە بۆ پاراستنی قۆرخکاری ئابووری و ڕێگریکردن لە سەربەخۆیی ئابووری و بژێوی خەڵکی کوردستان.

کوردستان، وەک جوگرافیایەک کە هەم لە ڕووی ئابووری بە سەختی دەچەوسێنرێتەوە و هەم لە ڕووی سیاسییەوە لە ژێر سەرکوتی بەردەوامدایە؛ گەشەسەندنی پیشەسازی لەم هەرێمەدا بە ئەنقەست سەرکوت کراوە و ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی سەربەخۆ داخراون و لەلایەکی دیکەوە هەر بژێوییەکی بەدیل کە لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمی حکومەت پەرەی سەندبێت، وەک "قاچاخچێتی" و "مەترسی ئاسایش" دەخرێتەڕوو. کاری هاوبەش، لە پێکهاتەیەکی وادا، نەک هەر "هەڵبژاردنێکی ئابووری" نییە، بەڵکو ناچاری کۆمەڵگایەکی باڵادەستە کە ناچارە لەنێوان هەژاری و مردندا هەڵبژێرێت.


ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە تەنیا هەوڵێک نییە بۆ تۆمارکردنی ئاماری گیان لەدەستدان و سەرکوتکردنی کۆڵبەران، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر ڕۆڵ و تێوەگلانی پێکهاتە ئاڵۆزە ئابووری و سیاسی و چینایەتییەکان لە دروستکردنی دیاردەیەکی نامرۆڤانەی لەو شێوەیەدا. چونکە کۆڵبەری پرسێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژووییە کە بەبێ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئابووری و سیاسیدا چارەسەر نابێت. بۆ کۆتایی هێنان بە کۆڵبەری دەبێ بچینە ڕیشەی ئەو پەیوەندیانە. پێویستە لە دژی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەیی و ئەو سیستمە حوکمڕانییە بوەستینەوە کە ئەم چەوساندنەوەیە بەرهەم دەهێنێتەوە. کۆڵبەرانی کوردستان وێنەیەکی ڕووتی چەوساندنەوەن لە سیستەمی سەرمایەداریدا. ئەو لاشەی کە لە سەرمای شاخ و لە ژێر بارگرانی سەرمایە و لە سایەی سیاسەتی سەرکوتگەرانەدا ماندوو دەبن. بەڵام ئەم دۆخە ڕێگری لێنەکراو نییە؛ وەک مێژوو نیشانی داین، چەوساوەکان هەمیشە هێزێک بوون بۆ بەرخۆدان. بۆیە ئەم ڕاپۆرتە تەنیا بەڵگەنامەی سەرکوت نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ نوێنەرایەتیکردنی دەنگی بەرەنگاربوونەوەی ئەو کرێکارە بێناوانەی کە لە دڵی تاریکیدا هێشتا لە پێناو ڕزگارییدا بەرەنگاری دەبنەوە.

### ئاماری کۆکراوە لەلایەن کۆڵبەرنیوزەوە بۆ ساڵی ١٤٠٣ی هەتاوی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەپێی ڕاپۆرتی تۆمارکراو لە کۆڵبەرنیوز، لە ساڵی ١٤٠٣دا، بە کۆی گشتی ١٨٣ لە ناوچە سنوورییەکان و ڕێگاکانی نێوان پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕژیم، ڕنوو و سەرما، کەوتنەسەر مین، کەوتنەخوارەوە لە شاخ و بەرزایی و ڕووداوی دیکە کوژران و بریندار بوون.

- لەم ژمارەیەدا ٥٢ کۆڵبەر واتە (٢٨٪) کوژران و ١٣١ کۆڵبەر واتە (٧٢٪) بریندداربوون.
- لە کۆی گشتی ١٨٣ کۆڵبەر کە لە ساڵی ١٤٠٣دا کوژراو و بریندار بوون، ١٤٣ حاڵەتیان واتە (٧٨٪) بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم ئەنجام دراوە.
- لە کۆی گشتی ١٨٣ کۆڵبەر کە لە ساڵی ١٤٠٣دا کوژراو و بریندار بوون، ١١ کەسیان واتە (٦٪) منداڵانی کۆڵبەری ژێر ١٨ ساڵ بوون کە یەک لەوان بەهۆی سەرمابردوویەوە گیانی لەدەستداوە.
- بەرزبوونەوەی ١٨٪ی کۆڵبەرانی کوژراو بەراورد بە ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی.
- بە هەژمارکردنی ئاماری پێنج ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩- ١٤٠٣)، بە گشتی ١٣١٤ کۆڵبەر لە سنوورەکانی کوردستان کوژراو و بریندار بوون کە لەم ژمارەیە، ١٠٥٥ کۆڵبەر واتە (٨٠٪) بریندار و ٢٥٩ کۆڵبەر واتە (٢٠٪) گیانیان لەدەستداوە. لە کۆی کوژراو و بریندارەکان، ١٠١٦ حاڵەتیان واتە (٧٧٪) بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان ڕوویداوە.


**دۆخی گشتی کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار لە ساڵی ١٤٠٣**




| | کۆی گشتی | بریندار | کوژراو |
|---|---|---|---|
| کۆڵبەران | ١٨٣ | ١٣١ | ٥٢ |
| تەقەی ڕاستەوخۆ | ١٤٣ | ١٠٦ | ٣٧ |
| منداڵانی کۆڵبەر | ١١ | ١٠ | ١ |


### دۆخی کۆڵبەرانی کوژراو؛ لە کۆی گشتی ٥٢ کۆڵبەری کوژراو:

- ٣٦ کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم
- ٣ کۆڵبەر بەهۆی کەوتنەخوارەوە لە کاتی کۆڵبەریدا
- ٤ کۆڵبەر بەهۆی مانەوە لەناو بەفروبۆران و سەرمابردوویی
- ٢ کۆڵبەر بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ لە کاتی ڕۆیشتن یان گەڕانەوە لە کۆڵبەری
- ٤ کۆڵبەر بەهۆی ئاگرگرتنی ئۆتۆمبێل لە کاتی ڕاونان و تەقەکردن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕژیمەوە لە کاتی ڕۆیشتن یان گەڕانەوە لە کۆڵبەری
- ١ کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سنوورییەکانی عێراق (حەرەس حدوود)
- ٢ کۆڵبەر بەهۆی وەستانی دڵ لە کاتی کۆڵبەریدا




### دۆخی کۆڵبەرانی بریندار؛ لە کۆی گشتی ١٣١ کۆڵبەری بریندار:

- ١٠٦ کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم
- ١٥ کۆڵبەر بەهۆی لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم
- ٣ کۆڵبەر بەهۆی تەقینەوەی مین لە کاتی کۆڵبەریدا
- ۴ مورد بر اثر کەوتنەخوارەوە لە بەرزایی هنگام کولبری
- ٢ کۆڵبەر بەهۆی ڕاونان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم
- ١ کۆڵبەر بەهۆی پچڕانی دەماری قاچەوە لە کاتی کۆڵبەریدا




## هەژماری ڕووداوەکانی کۆڵبەری لە ساڵی ١٤٠٣دا بە پێی دابەشکاری پارێزگا:

- لە سنوورەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی پارێزگای کوردستان ٩٦ کۆڵبەر واتە (٥٣٪) کوژراو و بریندار بوون.
- لە سنوورەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی پارێزگای کوردستان ٥٧ کۆڵبەر واتە (٣١٪) کوژراو و بریندار بوون.
- لە سنوورەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ٢٤ کۆڵبەر واتە (١٣٪) کوژراو و بریندار بوون.
- لە سنوورەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی پارێزگاکانی دیکە ٦ کۆڵبەر یان کاسبکار واتە (٣٪) کوژراو و بریندار بوون.




### *ڕووداوەکانی کۆڵبەری لە ساڵی ۱٤۰۳دا بە پێی دابەشکاری شارەکان:*

- ♦ لە ساڵی ۱٤۰۳ی هەتاویدا لانیکەم لە ۱٥ شاری کوردستان و دەرەوەی، ڕووداوی کۆڵبەری ڕویداوە.




| | بانە | نەوسوود | مەریوان | هەورامان | سەردەشت | سەقز | پاوە | مەهاباد | پیرانشار | بۆکان | سەوڵاوا | خۆرەماوا | کەرەج | ئەسەداوا | پێنجوێن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەژمار | ٥٢ | ٥۴ | ١٧ | ٢١ | ١٧ | ٥ | ٣ | ٢ | ۴ | ١ | ١ | ٣ | ١ | ١ | ١ |


***هەژماری کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار لە ساڵی ١٤٠٣دا بە پێی مانگەکانی ساڵ:***



### هەژماری کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران لە ٥ ساڵی ڕابرووودا:

- به هەژمارکردنی ئاماری پێنج ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩- ١٤٠٣)، بە گشتی ١٣١٤ کۆڵبەر لە سنوورەکانی کوردستان کوژراو و بریندار بوون کە لەم ژمارەیە، ١٠٥٥ کۆڵبەر واتە (٨٠٪) بریندار و ٢٥٩ کۆڵبەر واتە (٢٠٪) گیانیان لەدەستداوە. لە کۆی کوژراو و برینداره‌کان، ١٠١٦ حاڵەتیان واتە (٧٧٪) بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان ڕوویداوە.

هەژماری کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار لە ٥ ساڵی ڕابردوودا (١٣٩٩-١٤٠٣)



**ناو، ڕێکەوت، شوێن و هۆکاری کوژران یان بریندار بوونی کۆڵبەران لە ساڵی ۱٤٠٣ ی هەتاویدا بە پێی ڕێکەوت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

♦ ڕەنگی زەرد ئاماژەیە بە منداڵانی کۆڵبەر.

| ڕیزبەند | ناو و ناسناو | شوێنی لەدایکبوون | ڕێکەوت | شوێن و هۆکاری کوژران | شوێن و هۆکاری برینداربوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەهدی شەریفی | سەقز | ١٤٠٣/٠١/٠١ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٢ | میلاد بایرمحەممەدی | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠١/٠٣ | | نەوسوود/کەوتنەخوارەوە لە بەرزایی |
| ٣ | پەیمان ئەحمەدی | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠١/٠٤ | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ٤ | سۆران عەبدی | بانە | ١٤٠٣/٠١/٠٥ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ٥ | محەممەد بایر محەممەدی | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠١/٠٥ | نەوسوود/وەستانی دڵ | |
| ٦ | ئەمیر مورادی | مەریوان | ١٤٠٣/٠١/٠٥ | | نەوسوود/پچرانی تاندۆنی قاچ |
| ٧ | میلاد حەسەنی | دیواندەرە | ١٤٠٣/٠١/٠٥ | | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٨ | هەستیار عەبدولکەریمی | دیواندەرە | ١٤٠٣/٠١/٠٥ | سەقز/سەرما | |
| ٩ | جەمیل عەبدی | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠١/٠٥ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٠ | ئاروین حەقانی | سەقز | ١٤٠٣/٠١/٠٥ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١١ | سەعید سەلوسی | پیرانشار | ١٤٠٣/٠١/٠٥ | پیرانشار/سەرما | |
| ١٢ | جەبار نادری | مەریوان | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٣ | سامان ڕۆستەمی | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٤ | شێرکۆ حەبیبی | سنە | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٥ | غولام فەیزی | کامیاران | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٦ | ئومید شەمسی | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٧ | مەتین حسەینی | پاوە | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٨ | ئیحسان نەزەری | دالاهۆ | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٩ | محەممەد مەحموودی | سەلاس باوەجانی | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٢٠ | محەممەد یوسفی | سەلاس باوەجانی | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٢١ | یاسین | سەلاس باوەجانی | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٢٢ | جەبار ئەحمەدزادە | سەردەشت | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | سەردەشت/تەقینەوەی مین |
| ٢٣ | ڕەئوف ئەحمەدی | سەردەشت | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | سەردەشت/تەقینەوەی مین |
| ٢٤ | پەیمان | سەقز | ١٤٠٣/٠١/٠٧ | | سەقز/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٢٥ | حەبیب شیری | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠١/٠٨ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٢٦ | بورهان وەیسی | ڕەوانسەر | ١٤٠٣/٠١/٠٨ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٢٧ | شۆرش شوکری | مەریوان | ١٤٠٣/٠١/٠٩ | هەورامان/کەوتنەخوارەوە لە بەرزایی | |
| ٢٨ | ئەبوبەکر مەئخوزی | سەردەشت | ١٤٠٣/٠١/٠٩ | سەردەشت/کەوتنەخوارەوە لە بەرزایی | |
| ٢٩ | سیامەک یونسی | بانە | ١٤٠٣/٠١/٠٩ | | هەورامان/کەوتنەخوارەوە لە بەرزایی |
| ٣٠ | جەماڵ قادری | مەریوان | ١٤٠٣/٠١/٠٩ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٣١ | سیروان تاک | سنە | ١٤٠٣/٠١/١١ | | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |

| ڕیزبەند | ناو و ناسناو | شوێنی لەدایکبوون | ڕێکەوت | شوێن و هۆکاری کوژران | شوێن و هۆکاری بریندواربوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢ | سامان | مەریوان | ١۴٠٣/٠١/١١ | | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٣٣ | ئەمیر | بانە | ١۴٠٣/٠١/١١ | | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٣۴ | سیامەک | بانە | ١۴٠٣/٠١/١١ | | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٣۵ | ئیبراهیم یەعقووبی | سنە | ١۴٠٣/٠١/١٢ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٣۶ | سیاوەش کاکایی | کامێران | ١۴٠٣/٠١/١٢ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٣٧ | فەرەیدوون | سنە | ١۴٠٣/٠١/١٢ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٣٨ | فوئاد | کامێران | ١۴٠٣/٠١/١٢ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ٣٩ | کەریم محەممەدی | سەوڵاوا | ١۴٠٣/٠١/١۵ | | هەورامان/کەوتنەخوارەوە لە بەرزایی |
| ۴٠ | ئەحەدی | سەوڵاوا | ١۴٠٣/٠١/١٧ | | هەورامان/کەوتنەخوارەوە لە بەرزایی |
| ۴١ | فەردین وەیسی | سنە | ١۴٠٣/٠١/١٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۴٢ | مێهرداد عەبدوڵلازادە | سەردەشت | ١۴٠٣/٠١/٢۵ | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۴٣ | ئومید سەیدی | سەقز | ١۴٠٣/٠١/٢۵ | سەقز/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۴۴ | ئەسعەد ڕاهپەیکار | مەریوان | ١۴٠٣/٠١/٢٧ | | هەورامان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۴۵ | سەیوان دەستئەفکەن | مەریوان | ١۴٠٣/٠١/٢٩ | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۴۶ | محەممەد ڕەحیمی | سەقز | ١۴٠٣/٠١/٢٩ | | بانە/ڕاوەدوونان لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۴٧ | کەیوان دارایی | سەرپێڵ زەهاو | ١۴٠٣/٠١/٣٠ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۴٨ | موعین شەریفی | جوانڕۆ | ١۴٠٣/٠١/٣١ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۴٩ | محەممەد | جوانڕۆ | ١۴٠٣/٠١/٣١ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۵٠ | سەعید | جوانڕۆ | ١۴٠٣/٠١/٣١ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۵١ | شوانە ئەحمەدپوور | بانە | ١۴٠٣/٠٢/٠٢ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۵٢ | خەلیل پەرویزی | مەریوان | ١۴٠٣/٠٢/٠٣ | | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۵٣ | عەلی محەممەدی | سەوڵاوا | ١۴٠٣/٠٢/٠۵ | | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۵۴ | سامان محەممەدی | بانە | ١۴٠٣/٠٢/٠۵ | | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۵۵ | تاهیر کەریمی | پاوە | ١۴٠٣/٠٢/٠۶ | | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۵۶ | مێهران بەهرامی | سەقز | ١۴٠٣/٠٢/٠٩ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۵٧ | پارسا حسەینی | پاوە | ١۴٠٣/٠٢/٠٩ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۵٨ | سەهەند | پاوە | ١۴٠٣/٠٢/٠٩ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۵٩ | نیما ئەڵماسی | سەلاس باوەجانی | ١۴٠٣/٠٢/١٠ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۶٠ | نیما | بانە | ١۴٠٣/٠٢/١٠ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۶١ | محەممەد محەممەدی | پاوە | ١۴٠٣/٠٢/١٠ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۶٢ | ئەیووب | جوانڕۆ | ١۴٠٣/٠٢/١٠ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۶٣ | خەلیل محەممەدی | پاوە | ١۴٠٣/٠٢/١٠ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۶۴ | ماهان مورادی | جوانڕۆ | ١۴٠٣/٠٢/١٠ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۶۵ | میلاد ڕەحیمی | بانە | ١۴٠٣/٠٢/١٠ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۶۶ | هێمن ئەحمەدی | سەقز | ١۴٠٣/٠٢/١٢ | سەقز/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |

| ڕیزبەند | ناو و ناسناو | شوێنی لەدایکبوون | ڕێکەوت | شوێن و هۆکاری کوژران | شوێن و هۆکاری برینداربوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ۶۷ | جەلال سوهرابی | بانە | ۱۴۰۳/۰۲/۱۳ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۶۸ | شەهرام سەبزەواری | ڕەوانسەر | ۱۴۰۳/۰۲/۱۴ | | نەوسوود/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۶۹ | ئاریان مەمەندی | سەردەشت | ۱۴۰۳/۰۲/۱۴ | | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۷۰ | عەتا ڕۆستەمپوور | سەقز | ۱۴۰۳/۰۲/۱۶ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۷۱ | محەممەد قادری | بانە | ۱۴۰۳/۰۲/۱۸ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۷۲ | سالار ئەحمەدی | سەردەشت | ۱۴۰۳/۰۲/۲۰ | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۷۳ | ئاریەن ڕەزاپوور | سەقز | ۱۴۰۳/۰۲/۲۳ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۷۴ | محەممەد نیزامی | سەقز | ۱۴۰۳/۰۲/۲۳ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۷۵ | ئارمان | سەقز | ۱۴۰۳/۰۲/۲۳ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۷۶ | موعین تۆفیقپوور | بانە | ۱۴۰۳/۰۲/۲۵ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۷۷ | واحید قادرپوور | سەقز | ۱۴۰۳/۰۲/۲۷ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۷۸ | محەممەد دێهقانی | دیواندەرە | ۱۴۰۳/۰۲/۳۰ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۷۹ | پویا عەبدی | سەردەشت | ۱۴۰۳/۰۲/۳۰ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۸۰ | محەممەد خوسرەوی | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۳/۰۷ | | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۸۱ | سینا ڕەسوولزادە | سەردەشت | ۱۴۰۳/۰۳/۰۸ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۸۲ | ڕەحیم ئیبراهیمی | سەردەشت | ۱۴۰۳/۰۳/۱۱ | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۸۳ | موزەفەر ئەسەدرۆخ | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۳/۱۴ | | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۸۴ | پەرویز قادری | سەقز | ۱۴۰۳/۰۳/۱۵ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۸۵ | سەلاح | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۳/۱۵ | | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۸۶ | هەژیر مەحموودپوور | جوانرۆ | ۱۴۰۳/۰۳/۱۵ | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۸۷ | شادمان پایا | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۳/۲۱ | | هەورامان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۸۸ | ناسێح | سنە | ۱۴۰۳/۰۳/۲۱ | | هەورامان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۸۹ | ئارمان حسەینی | سەقز | ۱۴۰۳/۰۳/۲۲ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۹۰ | ئەرکان بالواسە | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۳/۳۱ | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۹۱ | دانا | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۳/۳۱ | | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۹۲ | محەممەد کاکی | بانە | ۱۴۰۳/۰۴/۰۶ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۹۳ | شێرزاد چاوشینی | بانە | ۱۴۰۳/۰۴/۰۹ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۹۴ | ئیبراهیم ئیبراهیمی | سەردەشت | ۱۴۰۳/۰۴/۱۰ | | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۹۵ | محەممەد ئالی | سەردەشت | ۱۴۰۳/۰۴/۱۳ | | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۹۶ | سینا نادری | پاوە | ۱۴۰۳/۰۴/۱۷ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۹۷ | ڕێبوار ڕەشیدی | بانە | ۱۴۰۳/۰۴/۱۷ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۹۸ | ئەیووب محەممەدی | سەلاس باوەجانی | ۱۴۰۳/۰۴/۱۷ | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۹۹ | مەسیح مورادی | جوانرۆ | ۱۴۰۳/۰۴/۱۸ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۰۰ | ئەیووب مورادی | جوانرۆ | ۱۴۰۳/۰۴/۱۸ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۰۱ | مەهدی بەشارەتی | جوانرۆ | ۱۴۰۳/۰۴/۱۸ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۰۲ | مێهران عەبدی | جوانرۆ | ۱۴۰۳/۰۴/۱۸ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۰۳ | پەیمان وەیسی | جوانرۆ | ۱۴۰۳/۰۴/۱۸ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |

| ڕیزبەند | ناو و ناسناو | شوێنی لەدایکبوون | ڕێکەوت | شوێن و هۆکاری کوژران | شوێن و هۆکاری بریندداربوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٤ | سەمیع زارعی | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠٤/١٨ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٠٥ | نەوید حەسەنی | بانە | ١٤٠٣/٠٤/١٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٠٦ | محەممەد دەری | مەریوان | ١٤٠٣/٠٤/١٨ | | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٠٧ | ئەحمەد مەلایی | سەلاس باوەجانی | ١٤٠٣/٠٤/٢٥ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٠٨ | سیروان ڕەسوولی | بانە | ١٤٠٣/٠٤/٢٥ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٠٩ | کیان زینی | سەردەشت | ١٤٠٣/٠٤/٢٦ | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ١١٠ | کەیوان قادری | سەردەشت | ١٤٠٣/٠٤/٢٦ | | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١١١ | پەیمان قادری | سەردەشت | ١٤٠٣/٠٤/٢٦ | | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١١٢ | ئێحسان نەورۆزی | گیەڵان | ١٤٠٣/٠٥/٠١ | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ١١٣ | یاسین ڕاستخانە | مەریوان | ١٤٠٣/٠٥/٠٣ | | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١١٤ | محەممەد | پاوە | ١٤٠٣/٠٥/٠٤ | | نەوسوود/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ١١٥ | بێهرووز | پاوە | ١٤٠٣/٠٥/٠٤ | | نەوسوود/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ١١٦ | دڵیار | پاوە | ١٤٠٣/٠٥/٠٤ | | نەوسوود/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ١١٧ | حیسام | پاوە | ١٤٠٣/٠٥/٠٤ | | نەوسوود/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ١١٨ | نازم سەفەری | سەوڵاوا | ١٤٠٣/٠٥/٠٦ | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ١١٩ | ئەسعە ئەفرەنجە | مەریوان | ١٤٠٣/٠٥/١٠ | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ١٢٠ | ناسر عوسمانی | بانە | ١٤٠٣/٠٥/١١ | بانە/کەوتنەخوارەوە لە بەرزایی | |
| ١٢١ | سەباح سادقی | کامێران | ١٤٠٣/٠٥/١٤ | ئەسەداوا/ڕووداوی هاتوچۆ | |
| ١٢٢ | ڕزگار خەڵکانی | سەردەشت | ١٤٠٣/٠٥/١٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٢٣ | هاوڕێ مورادی | سەقز | ١٤٠٣/٠٥/١٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٢٤ | دیاکۆ فەتاحی | سەقز | ١٤٠٣/٠٥/١٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٢٥ | کەماڵ دەستوانە | سەقز | ١٤٠٣/٠٥/١٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٢٦ | کەماڵ | سەقز | ١٤٠٣/٠٥/١٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٢٧ | عەلی ڕەسوولی | مەهاباد | ١٤٠٣/٠٥/٢١ | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ١٢٨ | موختار عەبدوڵاهی | بانە | ١٤٠٣/٠٥/٢٢ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٢٩ | مەحموود | بانە | ١٤٠٣/٠٥/٢٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٣٠ | ئارام خەلیل | هەرێمی کوردستان | ١٤٠٣/٠٥/٢٨ | هەورامان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سنوورییەکانی عێراق (حەرەس حدود) | |
| ١٣١ | حەمید ئەحمەدی | دیواندەرە | ١٤٠٣/٠٥/٢٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٣٢ | مەحموود | بانە | ١٤٠٣/٠٥/٢٨ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٣٣ | سەلاح فەرەجی | بانە | ١٤٠٣/٠٥/٣٠ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٣٤ | کیومەرس ڕاستخانە | مەریوان | ١٤٠٣/٠٥/٣١ | | مەریوان/ڕاوەدوونان لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ١٣٥ | ئەسعەد ئەسپەندار | سەردەشت | ١٤٠٣/٠٦/٠٩ | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ١٣٦ | بەرزان وەیسی | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠٦/٠٩ | خورەماوا/ڕاوەدوونان لەلایەن هێزە ئەمنییەکان | |
| ١٣٧ | کاوە خوسرەوپوور | جوانرۆ | ١٤٠٣/٠٦/٠٩ | خورەماوا/ڕاوەدوونان لەلایەن هێزە ئەمنییەکان | |
| ١٣٨ | خەلیل چەڵەبی | سەردەشت | ١٤٠٣/٠٦/٠٩ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٣٩ | ئەمیر ئەحمەدی | دیواندەرە | ١٤٠٣/٠٦/١٧ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ١٤٠ | عەبدولڕەحمان غوڵامی | سنە | ١٤٠٣/٠٦/٢٣ | | هەورامان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ١٤١ | فەردین ڕۆستەمنەژاد | پاوە | ١٤٠٣/٠٦/٣٠ | پاوە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |

| ریزبەند | ناو و ناسناو | شوێنی لەدایکبوون | ڕێکەوت | شوێن و هۆکاری کوژران | شوێن و هۆکاری بریندار بوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱۴۲ | سەدیق دەفتەری | بانە | ۱۴۰۳/۰۷/۰۱ | | سەولاوا/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۴۳ | کەماڵ مەحموودی | بۆکان | ۱۴۰۳/۰۷/۰۲ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۴۴ | شوکروڵلا | بۆکان | ۱۴۰۳/۰۷/۰۲ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۴۵ | تارق نەزەری | سەلاس باوەجانی | ۱۴۰۳/۰۷/۱۱ | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۱۴۶ | یوسف دەشتی | بۆکان | ۱۴۰۳/۰۷/۱۲ | بۆکان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۱۴۷ | پەیمان نەقیزادە | پاوە | ۱۴۰۳/۰۷/۱۲ | | پاوە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۴۸ | ئارمان نەقیزادە | پاوە | ۱۴۰۳/۰۷/۱۲ | | پاوە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۴۹ | حسەین کەمالنیا | پیرانشار | ۱۴۰۳/۰۷/۱۶ | پیرانشار/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۱۵۰ | فەردین قەلاش | پیرانشار | ۱۴۰۳/۰۷/۱۶ | | پیرانشار/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۵۱ | شاخەوان مەشهووری | بانە | ۱۴۰۳/۰۷/۱۷ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۵۲ | سیامەند حەسەنپوور | سەردەشت | ۱۴۰۳/۰۷/۱۹ | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۱۵۳ | کاروان | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۷/۲۲ | | مەریوان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۵۴ | محەممەد | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۷/۲۲ | | مەریوان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۵۵ | پوریا | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۷/۲۲ | | مەریوان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۵۶ | سامان | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۷/۲۲ | | مەریوان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۵۷ | فەرشید | مەریوان | ۱۴۰۳/۰۷/۲۲ | | مەریوان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۵۸ | ڕزگار حەسەنی | سەقز | ۱۴۰۳/۰۷/۲۴ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۵۹ | ئیبراهیم ئەحمەدنەژاد | مەهاباد | ۱۴۰۳/۰۸/۰۴ | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۱۶۰ | ماردین شوکری | پاوە | ۱۴۰۳/۰۸/۱۲ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۶۱ | جەبار زارعی | سەردەشت | ۱۴۰۳/۰۸/۱۵ | | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۶۲ | ئەسعەد فیروزبەخت | جوانرۆ | ۱۴۰۳/۰۸/۱۵ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۶۳ | ئەحمەد ڕەزایی | جوانرۆ | ۱۴۰۳/۰۸/۱۵ | | نەوسوود/تەقینەوەی مین |
| ۱۶۴ | محەممەدکەریم ئەزەغ | سەولاوا | ۱۴۰۳/۰۹/۰۳ | نەوسوود/وەستانی دڵ | |
| ۱۶۵ | سەجاد سەعادەتنیا | ئیلام | ۱۴۰۳/۰۹/۰۳ | خورەماوا/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۱۶۶ | مەسعەب سەبزەواری | ڕەوانسەر | ۱۴۰۳/۰۹/۲۱ | نەوسوود/تەقەی ڕاستەخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۱۶۷ | عەبدوڵلا مەعروفی | پیرانشار | ۱۴۰۳/۰۹/۲۱ | | پیرانشار/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۶۸ | دەماوەند میرزایی | کامێران | ۱۴۰۳/۰۹/۲۷ | کەرەج/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |
| ۱۶۹ | ئیدریس نادری | بانە | ۱۴۰۳/۱۰/۰۸ | بانە/سەرما | |
| ۱۷۰ | عیرفان عیرفانی | سەقز | ۱۴۰۳/۱۰/۱۰ | مەهاباد/ڕاوەدوونان لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و ئاگرگرتنی ئۆتۆمبیل | |
| ۱۷۱ | کاوە سەیدبرایی | سەقز | ۱۴۰۳/۱۰/۱۰ | مەهاباد/ڕاوەدوونان لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و ئاگرگرتنی ئۆتۆمبیل | |
| ۱۷۲ | ئومید ئەفروزە | بۆکان | ۱۴۰۳/۱۰/۱۶ | | سەقز/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۷۳ | شاهین ڕەسووڵ حەسەن | سەردەشت | ۱۴۰۳/۱۰/۱۸ | | سەردەشت/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۷۴ | محەممەد وەیسی | سەقز | ۱۴۰۳/۱۰/۲۳ | | مەریوان/لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۷۵ | سارۆ وەیسی | سەقز | ۱۴۰۳/۱۱/۰۱ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۷۶ | جەماڵ عەزیزی | بانە | ۱۴۰۳/۱۱/۰۴ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۷۷ | مەهیار سەفەری | کامێران | ۱۴۰۳/۱۱/۰۸ | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان | |

| ریزبەند | ناو و ناسناو | شوێنی لەدایکبوون | ڕێکەوت | شوێن و هۆکاری کوژران | شوێن و هۆکاری برینداربوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱۷۸ | ئەمین حەسەنی | سەولاوا | ۱۴۰۳/۱۱/۲۱ | هەورامان/هەرەسی بەفر و سەرما | |
| ۱۷۹ | هێژا شیری | سەلاس باوەجانی | ۱۴۰۳/۱۲/۰۱ | | نەوسوود/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۸۰ | سەعدی خادم | سەقز | ۱۴۰۳/۱۲/۰۳ | پێنجوێن/ڕووداوی هاتوچۆ | |
| ۱۸۱ | ئەحمەد کەریمزادە | بانە | ۱۴۰۳/۱۲/۱۷ | | بانە/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |
| ۱۸۲ | ئاریان کەرەمی | مەریوان | ۱۴۰۳/۱۲/۲۴ | | مەریوان/تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان |

بۆ دیتنی ڕاپۆرت و هەواڵی زیاتر لە پێوەند بە کۆڵبەران، کرێکاران، ژنان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان سەردانی ماڵپەڕەکانی کۆڵبەرنیوز بکەن لەم بەستەرانەی خوارەوە:

www.kolbarnews.com ku.kolbarnews.com en.kolbarnews.com